https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.4

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ئاكامە كۆمەڵایەتییەكانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی كوردستان لە ماوەی (2014-2017)

## توێژینەوەیەكی مەیدانیی كۆمەڵناسییە لە شاری هەولێر

م. ی. كارزان حسن عبدالرحمن
قوتابی دكتۆرا لە زانكۆی سەلاحەددین - كۆلیژی ئاداب
karzan.abdulrahman@soran.edu.iq

پ. د. تاهیر حسۆ زێباری
زانكۆی سەلاحەددین- كۆلیژی ئاداب
tahir.zebari@su.edu.krd

**پوخته**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئاکامە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکانی قەیرانی داراییە لەسەر تاک و کۆمەڵگا لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی، تەندروستی و ژینگەیی). بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاکانیش چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە لە جۆری نیمچە ڕێکخراو. کۆمەڵگەی توێژینەوەش شاری هەولێرە، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (12) کەس لە شارەزایان و پسپۆڕان لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی، تەندروستی و ژینگەیی).

لەم توێژینەوەیەدا، دەرکەوتووە کە قەیرانی دارایی کۆمەڵێک کاریگەریی نەرێنیی هەبووە لەسەر تاک و کۆمەڵگا. لە بواری کۆمەڵایەتی، بۆتە هۆی زیادکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (تاوان و توندوتیژی و لێکجیابوونەوە) و لاوازبوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان. لە بواری دەروونیش، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتیی دەروونی زیادکردووە. لە بواری سیاسیشدا، هۆکارێک بووە بۆ لاوازی ئینتمای نیشتمانی و ناسەقامگیریی سیاسی. هەروەها لە بواری پەروەردەشدا، بۆتە هۆی لاوازبوونی پرۆسەی پەروەردە و دابڕانی قوتابی و مامۆستا لە قوتابخانەکان. لە بواری ئابووریش، دیاردەکانی هەژاری و بێکاری زیادکردووە. لە بواری تەندروستیدا، مەترسی بووە لەسەر گیانی نەخۆش لە کەمکردنەوەی دەرمان و پێداویستییە تەندروستییەکان. هەروەها لە بواری ژینگەییشدا هەڕەشە بووە لەسەر ئاسایشی ژینگە.

**وشە کلیلییەکان:** قەیران، قەیرانی دارایی، قەیرانی ئابووری.

## ئاكامە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لەماوەی (2014-2017)/ توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسییە لە شاری هەولێر

### پێشەکی

سەرەڕای ئەو پێشکەوتن و داهێنانەی کە جیهان بەخۆیەوە دیوە، لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، بەڵام نەتواندراوە ڕێگری لە دروستبوونی گرفت و قەیرانە جۆراوجۆرەکان بکرێت. ئابووری جیهانی بەگشتی و بازاڕی دارایی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی کەوتۆتە بەر زنجیرەیەکی یەک لە دوایەکی قەیرانە دارایی و ئابوورییەکان، واتە مێژووی کۆمەڵگاکان ئاشنان بە قەیرانەکان و کاریگەریی گەورەیان خستۆتە سەر تەواوی کایەکانی کۆمەڵگا.

قەیرانە داراییەکان ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی قووڵیان هەیە و دووچاری سیستەمە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان بوونەتەوە و سروشت و جۆر و هۆکارەکانی قەیرانە داراییەکان، بەپێی سروشتی سیستەمەکان و واقعی کۆمەڵگاکان، لە گۆڕاندایە.

لە ماوەی (200) ساڵدا سیستەمی سەرمایەداری، (33) قەیرانی ئابووری و دارایی جۆوراوجۆری بەخۆیەوە دیوە، ئەم قەیرانانەش جیاوازبوونە لە ڕووی ماوە و جۆر و کاریگەرییان لەسەر ئاستی چالاکیی ئابووری ( ابو طه، 2016: 29، 30).

هەرێمی کوردستانی عێراق لە دوای ساڵی (2014)، بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە بە ڕەوش و بارودۆخێکی سەختی دارایی و ئابووری تێدەپەڕێت. ئەم قەیرانەش لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵگای دووچاری بارودۆخیکی سەخت و نەخوازراو کردۆتەوە، چونکە تێکچوونی باری دارایی و ئابووری لە کۆمەڵگا

ڕەنگدانەوەی نەرێنیی گەورەی هەیە لەسەر سەقامگیری و هاوسەنگیی تەواوی سیستەمەکانی تری کۆمەڵگا.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە شیکردنەوە بۆ ڕەوش و بارۆدۆخی سەختی گوزەرانی هاوڵاتییان بکرێت و دەستنیشانی کاریگەری و ئاکامەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە سەرەتای ساڵی (2014-2017) بکرێت، کە تیایدا تاک و کۆمەڵگا دووچاری بارودۆخێکی سەختی ژیان بوونەتەوە لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی ، تەندروستی و ژینگەیی). جێگەی ئاماژەیە ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پێشەکی پێکهاتووە لە چەند تەوەرێکی سەرەکی.

**تەوەرەکانی توێژینەوەکە:-**

**تەوەری یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە**

**1- گرفتی توێژینەوە**

دیاریکردنی گرفتی توێژینەوە بە هەنگاوی یەکەم و خاڵی دەسپێک دادەندرێت، لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، دواجار بەچەند پرسیارێکی سەرەکی گوزارشتی لێدەکرێت. قەیرانی دارایی بە یەکێک لەو چەمک و پرسە فراوان و فرە ڕەهەندانە دادەندرێت کە لە جیهاندا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت و بۆتە بابەتی توێژینەوەی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ئاسەواری نەرێنیی گەورەیان لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە.

کاریگەری و ئاسەوارەکانی قەیرانی دارایی لە ساڵی (2014) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قورستر و زیاتر بوون و ڕوخسارەکانی بەدیارکەوتن لەسەر ئاستی بژێویی خەڵک و داهاتی خەڵک و داتەپینی بازاڕ و بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاری و دزی و لاوازبوونی چینی ناوەند، هەروەها

زیادبوونی ڕێژەی تاوان و توندوتیژیی خێزانی و تەڵاق و لاوازبوونی متمانە لە نێوان خەڵک و حکومەت، لەهەمان کاتدا دروستبوونی مەترسی لەسەر گیانی نەخۆش و کەمبوونەوەی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان، هەموو ئەم بارودۆخە نەخوازراوانەش لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و سیاسی و پەروەردەیی و تەندروستی و ژینگەیی، ئاسەواری نەرێنییان لەسەر تاک و کۆمەڵگا دروستکرد.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی خراپترین قەیرانی دارایی بۆتەوە لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز کە هەموو جومگەکانی توانای حکومەتی هەرێمی لەکارخستووە بۆ بەردەوام بوون لە دابینکردنی خزمەتگوزاری لە کەرتی گشتی و پێویستییە سەرەتاییەکان نەک تەنها بۆ ئاوارەکان و پەنابەران، بەڵکو بۆ هاوڵاتییانی هەرێمیش. ئەم هۆکارانەش بریتیین لە بڕینی ڕێژەی(17%) بودجەی حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدڕالیەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (2014) و تێچووی زۆری شەڕی داعش و بارگرانیی دارایی ئاوارە و پەنابەران لەسەر کەرتی گشتی، کە ساڵانە بە (1.8) ملیار دۆلار دەخەمڵێندرێت، هەروەها دابەزینی نرخی نەوت کە ڕێژەی لە (90%) داهاتی حکومەت پێکدێنێت ڕووبەڕووی گەورەترین کێشەی دارایی بۆتەوە، بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و دابینکردنی پارەی تەرخانکراو بەمەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان.(ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی قەیرانەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم،2016 :1).

لێرەدا گرفتی توێژینەوەکە بە پرسیارێکی سەرەکی دەخەینەڕوو:-

- ئایا گرینگترین کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانی دارایی لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی، تەندروستی و ژینگەیی)، لەسەر تاک و کۆمەڵگا چین؟

## 2- گرینگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتە سەر بابەتێکی هەنووکەیی لە کوردستاندا کە قەیرانی داراییە، هەروەها هەوڵدانە بۆ دەرخستنی گرنگترین هۆکار و ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا، بە پشت بەستن بە ڕێکارە میتۆدییەکان و خستنەڕووی ڕاسپاردە و تێڕوانینی گونجاو, کە بە دەستهاتوون لەسەر بنەمای ئەنجامەکان لەمەڕ واقعی بابەتەکە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و ئاسەوارە نەرینییەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە ئامانجی سوود وەرگرتن و جێبەجێکردنییان لەواقعدا.

## 3- ئامانجەکانی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەی زانستی دەستنیشانکردنی ڕاستییەکانە، دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە هزری توێژەر گەڵاڵە دەبن لەبارەی بابەتی توێژینەوەکەی، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە:- زانین و دەستنیشانکردنی ئاکامە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکانی قەیرانی دارایی لە سەر تاک و کۆمەڵگا لە ماوەی (2014-2017) لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی، تەندروستی و ژینگەیی).

## 4- چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە

**یەکەم:- قەیران (crisis)**

**لەڕووی زمانەوانییەوە:-** لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی قەیران (ازمة) بەمانای سەختی و قاتوقڕی و برسێتی(الشدة والقحط) دێت(المعجم الوسیط،2004 :34 ). لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیش (crisis) بەچەند مانایەک هاتووە: 1- خاڵی وەرچەرخان. 2- قەیران. 3- قۆناغێکی

مەترسیدار و خاڵێکی سەخت و ئاڵۆزبوون. (Oxford Dictionary, 1984:16)

**لەڕووی چەمکەوە:-** توێژەر (Herman,1963:211) باوەڕی وایە قەیران هەڵوێستێکی دیاریکراوە و خاوەن (3) ڕەهەند و خەسڵەتە کە پێکهاتوون لە:-

1. هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ئامانج و بەها و بەرژەوەندییەکان.
2. کاتێکی کەم و دیاریکراو بۆ وەڵامدانەوەی، کە دەتوانین ئەنجامی بدەین.
3. هەڵوێستێکی لەناکاو و چاوەڕوانەکراوە.

( بدوي ،1982:91) باوەڕی وایە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە قەیران بەمانای وەستانی کار و چالاکییە ڕێکخراو و چاوەروانکراوەکان دێت، هەروەها شڵەژانی داب و نۆڕمەکانە کە پێویستی بەگۆڕانکارییەکی خێرا هەیە بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی و بونیادنانی دابی نوێ و گونجاوتر.

لە ڕووی پێکهاتەوە قەیران هەڵوێستێکی نائاسایی و چاوەڕوانەکراوە، مەترسییەکی گەورە و خێرای هەیە و ڕووداوی تر بەدوای خۆیدا دێنێت، لەهەمان کاتدا هەڕەشەیە لەسەر توانای تاک، ڕێکخراو، کۆمەڵگا بۆ خۆڕاگرتن و مانەوە، قەیران هەر تەنها هەڕەشە ناگرێتەوە بەڵکو هەلێکیشە بۆ گۆڕانکاری(محمد،2011: 48). لە پێناسەیەکی ڕێکاریدا: قەیران بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی نەخوازراوە، ڕووبەڕووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبێتەوە، گوزارشتە لەگۆڕانێکی نەرێنیی لەناکاو و هەڵگری ڕەگەزی هەڕەشە و شڵەژان و مەترسییە لەسەر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

**دووەم:- قەیرانی دارایی ( financial crisis)**

قەیرانی دارایی بریتییە لەڕوودانی کەموکورییەکی ترسناک و لەناکاوی ڕێژەیی کە دووچاری ڕەفتارە ڕاهاتووەکانی ڕێکخراوە داراییەکان دەبێت، کە کۆمەڵێک مەترسی ڕاستەوخۆ و گەورە لە خۆدەگرێت بۆ سەر دەوڵەت و ڕێکخراوەکان و تاک و هەموو خاوەن بەرژەوەندییەکان، ئەم کەموکورییەش پێویستی بە بەشدارییەکی خێرا و چالاک هەیە لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان( Ramkishen, 2007: 92,104).

(شحاتە،2010 :3) پێناسەی قەیرانی دارایی دەکات بە شڵەژانێکی توند و لە ناکاو لە هەندێ لە هاوسەنگییە ئابوورییەکاندا کە دەبێتە هۆی دارمانی ژمارەیەک لە دەزگا داراییەکان و کاریگەرییەکەشی بۆ کەرتەکانی تریش درێژدەبێتەوە.

توێژەران(Mishkin and Eaknis, 2014: 6) باوەڕیان وایە قەیرانی دارایی بریتییە لە تێکچوونە سەرەکییەکان لە بازاڕە داراییەکان کە دابەزینێکی گەورە و توند لە نرخی کەل و پەل و کاڵاکان و هەروەها هەرەسهێنان و سەرنەکەوتنی زۆرێک لە دامەزراوە داراییەکان و دامەزراوەکانی تر، جیادەکرێتەوە و دەناسرێت.

یەکێک لەو چەمکانەی کە پەیوەندییەکی بەتینی  بە قەیرانی داراییەوە هەیە بریتییە لە قەیرانی ئابووری، زۆرێک لە زانایان ئاماژە بە پەیوەندی و پێکەوەبەستراوی ئەم دوو چەمکە دەکەن.

ئەگەر قەیرانی دارایی لە سەرەتاوە پەیوەندیی بە بازاڕی داراییەوە هەبێت، ئەوا ئاسەوارەکانی کاریگەرییی لەسەر ئابووریی ڕاستەقینە دەبێت، کە باوەڕپێدان کەمدەبێتەوە و دواتریش ئاستی وەبەرهێنان دادەبەزێت، کە

قەیرانی ئابووری ڕوودەدات و هەتا دەبێت بەداڕووخانی ئابووری( بلعباس،2009: 9).

دەتوانین لە پێناسەیەکی ڕێکاریدا بڵێین قەیرانی دارایی جۆرێکە لە مایەپوچبوون و داڕمانی سیستەمی دارایی و دامودەزگا داراییەکانی میری، یاخود گوزارشتە لە شڵەژانێکی توند و لە ناکاوی بەهای هەبووەکان (الأصول) و سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی وڵات، لە ئەنجامی گۆڕانکاریی ناوخۆیی یان دەرەکی لەڕووی سیاسی و داراییەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی خراپبوونی گوزەران و دروستبوونی کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵایەتی، وەکو بێکاری و تاوان و هەژاری و توندوتیژی و تێکچوونی شیرازەی خێزان.

**سێیەم:- قەیرانی ئابووری (Economical Crisis)**

(ابو الرشته ،1990: 2) باوەڕی وایە قەیرانی ئابووری بریتییە لە شڵەژانێکی توند لە سازدان و ڕاییکردنی کاروبارەکانی دامەزراوە داراییەکانی میری ناو کۆمەڵگا و پێویستیی بە توانایەکی فراوان هەیە، بۆ لابردن و دووبارە گەڕاندنەوەی بارودۆخەکە بۆ جێگیری و ڕاستەڕێبوون، مەبەست لە قەیرانی ئابووری تەنها کەموکوریەکی سادە نییە، لە کاروباری دارایی کە بتواندرێت چارەسەر بکرێت بە ئامرازی ئاسایی وەکو کەموکورییەکانی تر کە پێشبینی دەکرێت لە کاروبارەکانی ژیان ڕووبدات.

(ابراهیم،2007:111) باوەڕی وایە قەیرانی ئابووری گوزارشتە لەو ماوەیەی کە ڕێڕەوی گەشەی ئابووری دەپچڕێت و دەبێتە هۆی نەمان و لە دەستدانی ڕێکخستنی ئابووری کە کۆمەڵێک شێوە لەخۆدەگرێت، وەکو هەرەسهێنانی بازاڕی دارایی، زۆربوونی باجەکان و بێکاری.

(الصمادي،2010: 3) قەیرانی ئابووری بەمانای شڵەژانێکی توندە لە ڕاییکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی دەوڵەت کە پێویستیی بە توانایەکی فراوان هەیە، بۆ لابردن و گێڕانەوەی بارودۆخەکە بۆ جێگیری و ئاسایی کردنەوە. لە پێناسەیەکی ڕێکاریدا: قەیرانی ئابووری بریتییە لە بارودۆخێکی ئابووری نالەبار و نەخوازراو دووچاری ئابووری کۆمەڵگا دەبێتەوە، لە ئەنجامی هەرەسهێنان و داتەپینی سەرچاوە داراییەکان و لاوازبوونی چالاکییە ئابوورییەکان، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر سەرجەم سێکتەر و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت.

**تەوەرەی دووەم : هۆکارەکانی قەیرانە داراییەکان**

**1. ناسەقامگیریی ئابووری هەمووەکی: (عبدالرضا و الجوارین،2013: 32،31).** یەکێک لە گرنگترین سەرچاوە دەرەکییەکانی قەیران بریتییە لە هەڵبەزودابەز لە مەرجی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، لەو کاتەی مەرجەکانی بازرگانی دابەزی و لاوازبوو ئەم بارودۆخە قورس دەبێت بۆ ئەوانەی لە بانکەکان کاردەکەن، کە سەرقاڵن بە چالاکییەکانی هەناردە و هاوردەکردن تاوەکو وەفاداربن بەرامبەر پابەندبوونەکانیان بەتایبەت خزمەتگوزاریی قەرز. لەم بارەیەوە داتاکانی بانکی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوە دەکات لە (75%) وڵاتانی تازە پێگەیشتوو کە دووچاری قەیرانی دارایی بوون ئەوا پێش ئەوەی قەیرانەکە ڕووبدات بەڕێژەی لە (10%)، دابەزینی مەرجەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانییان بەخۆیەوە دیوە.

**2. شڵەژانی کەرتی دارایی:** فراوانبوونی پێدانی (باوەڕپێدان*) و هەڵقولانێکی گەورەی سەرمایەدارەکان لە دەرەوە و دارمانی بازاڕی کاغەزە داراییەکان، خاڵی هاوبەشی ئەو قەیرانە داراییانەیە کە لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕوویاندا. لەلایەکی ترەوە فراوانبوونی پێدانی باوەڕپێدان دەبێتە هۆی ڕوودانی دیاردەی چڕکردنەوەی باوەڕپێدان لەجۆرێکی دیاریکراو لە قەرزەکان، وەکو قەرزەکانی بەکاربەر یان

خانووبەرە، وەکو ئەو قەیرانە داراییەی کە لە کۆریای باشوور ڕوویدا، یاخود لە کەرتێک لە کەرتەکان ڕوویدات وەکو کەرتی حکومی یان پیشەسازی یان بازرگانی وەکو قەیرانی وڵاتی تایلاند. (عبدالرضا و الجوارین، 2013: 33).

**3. ساختەکاری و گەندەڵییە داراییەکان:** ئەگەر ساختەکاری و گەندەڵییە داراییەکان فاکتەری دروستبوونی تەنگژە داراییەکان نەبن، ئەوا بێگومان لە قووڵبوونەوە و فراوانبوونی ئەو جۆرە تەنگژانەدا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە، لەزۆر حاڵەتدا ساختەکاری و گەندەڵییە داراییەکان، بوونەتە هۆی ڕووخانی دامەزراوە داراییەکان. (درەخشان،2010: 30)

**4.سیاسەتی نرخی ئاڵوگۆڕ:** تێبینی دەکرێت هەموو ئەو وڵاتانەی کە پەیڕەوی سیاسەتی نرخی جێگیریی بانکی دەکەن، زیاتر ڕووبەڕووی خورپەی دەرەکی دەبنەوە، هەروەها لە ژێر سێبەری ئەو سیستەمەدا ئەستەمە دەستەڵاتی نەختینە بتوانێت ڕۆڵی بانکێک ببینێت، کە وەکو پەناگهیەک وابێت بۆ قەرزکردنی دراوە بیانییەکان، ئەمەش مانای لەدەستدانی یەدەگی پارەی بیانییە لەلایەن دەستەڵاتی نەختینە و مانای ڕوودانی قەیرانی دراو دەگەیەنێت، وەکو قەیرانی وڵاتی ئەرجەنتین و مەکسیک. (الناجي،2004 : 8)

**6. سستی و لاوازی لە ڕێکخستنی بازاڕە داراییەکاندا:** یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدان و درووستبوونی تەنگژە دراییەکان لاوازی و سستیی حکومەتەکان لە ڕێکخستنی بازارە داراییەکانە. ئەگەر تەنگژە داراییەکان ببنە دروستبوونی بێبازاری ئابووری، بەهەڕەشەو مەترسییەکی زۆر جیدی بۆ سەر حکومەتەکان لە قەڵەم دەدرێن، لەم ڕووەوە حکومەتەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان ڕێگری لە بەردەم دروستبوونی تەنگژە دراییەکاندا دروست بکەن. (درەخشان،2010، ل27).

(درەخشان،2010 : 27)

**تەوەرەی سێیەم: هۆکارەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

**1. سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە عێراق:-** بە پێی وتەی ڕاوێژکاری ئابووری سەرۆک وەزیرانی عێراق (د. صالح) عێراق لە قەیرانێکی داراییدا دەژێت، لەماوەی دابەزینی نرخی نەوت لە ناوەڕاستی ساڵی (2014) بووە هۆی تێکچوونی تەرازووی پێدانی عێراقی و ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر بوودجەی عێراق. (صالح ،2017)

ئابووری عێراق پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێت وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دەرامەتەکان و هەناردەکان، بۆیە دابەزینی نرخی نەوت بە شێوەیەکی گەورە، هۆکارێکی سەرەکی قەیرانی داراییە. (عبدالعزاوی،2015،ص277،278) هەروەها عێراق بۆ پارەدارکردنی بوودجەکەی لە (97%) پشت بە دەرامەتی نەوتی دەبەستێت (السليم،2016).

کەواتە دەتوانیین بڵێین ئەو قەیرانە داراییەی کە لە عێراق ڕوویدا، ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر هەرێم، چونکە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و سەرچاوەی داهات و دەرامەتەکانی لەحکومەتی عێراقی دابیندەکرا، کە پشکی (17%)یە.

**2.شەڕکردن لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆرستیی (داعش**) و زیان و خەرجییەکانی:**

(کرستین لاغارد) بەڕێوەبەری گشتیی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی (الصندوق النقد الدولي) باوەڕی وایە هێرشەکانی داعش بوونە هۆی ڕشتنی خوێنی هەزاران هاوڵاتی و هۆکاری ڕوودانی قەیرانێکی مرۆیی گەورە. هەروەها فراوانبوونی ئەو هێرشانەی داعش بووە هۆی دابەزینی نرخی نەوت بەڕێژەی (50%) لەماوەی چەند مانگێک، ئەمەش

بووە هۆی ڕوودانی خورپەیەکی گەورەی دەرەکی بۆ تەرازووی پێدان و داهات و بووجەی ساڵانەی عێراق کە بە شێوەیەکی گەورە پشتی دەبەستا بە ڕەسیدەکانی ناردنی نەوت.(لاغارد،2015 :1)

ئەوەی قەیرانەکەی ئەوەندەی تر قورسکردووە، شەڕی چەکدارانی داعشە، بە شێوەیەک لەڕێی داخستنی خاڵە سنووریەکانەوە کاریگەریی لەسەر هاوردە و هەناردەکردنی کاڵا دروستکردووە و داهاتی خاڵە گومرگییەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ (50%) دابەزاندووە، هەروەها ئاوارەبوونی خەڵکی ئەو ناوچانەش کە داعش دەستی بەسەرداگرتووە، خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی زیاتر کردووە.( حەمە کەریم و ئەوانی تر،2015 :93 )

لەلایەکی ترەوە ئەو هەڕەشانەی کە داعش لە ڕۆژئاوا و باکووری عێراق دروستیکرد، بووە هۆی جێهێشتنی کۆمەڵێک کۆمپانیای وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی دۆزەرەوەی نەوت و هەندێ بانکی بیانی لە هەولێر، لە هەمانکاتدا کەرتی گەشتوگوزاری لە هەرێم و بەتایبەتیش لە شاری هەولێر زۆر کاریگەر بوو بەم بارودۆخە، بەجۆرێک ڕێژەی گەشتیارە ناوخۆیی و بیانییەکان کەم بوویەوە، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی قەبارەی داهاتی دارایی تایبەت بە کەرتی گەشتوگوزار. (الحمداني ،2014)

بەپێی وتەی وتەبێژی دەستەی گشتیی گەشتوگوزار لە کوردستان (نادر ڕۆستی) ساڵی (2013) نزیکەی (3) ملیۆن گەشتیار ڕوویان لە هەرێم کردووە، داهاتی ئەم ساڵ زیاتر بوو لە (650.000.000 ) دۆلار، بەڵام سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و هاتنی داعش، بووە هۆی نەهاتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار بۆ هەرێم، بۆیە ڕێژەی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان ڕووی لە کەمی کرد و لە ساڵی (2014) لە (60%) کەمی کرد، هەروەها لە ساڵی (2015) بەهەمان شێوە لە(60%) کەمیکردووە. (ڕۆستی ،2015).

**3. هاتنی لێشاوی ئاوارە و کۆچبەران بۆ هەرێمی کوردستان:** لە دوای ڕوخانی ڕژێمی فاشیستی بەعس لە عێراق لە ساڵی (2003) ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دووچاری خراپی بارودۆخی ئاسایش بوونەوە، هاوڵاتییانی عەرەب پەیتا پەیتا کۆچیان کرد بۆ شوێنە ئارامەکان لە وڵاتانی دەوروبەر و هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەدوای داگیرکردنی شاری موسل لەلایەن داعشەوە لە ساڵی (2014).

بەپێی نوێترین سەرژمێری (ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان –وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان،2017 ). هاتووە:-

خشتەی ژمارە (١ )

کۆی گشتیی ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | کۆی گشتی ژمارەی ئاوارەکان (تاک) | | پارێزگا | کۆی گشتی ژمارەی پەنابەران (تاک) | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناو کامپ | دەرەوەی کامپ | | ناو کامپ | دەرەوەی کامپ |
| هەولێر | 105.151 | 459.601 | هەولێر | 32.781 | 85.013 |
| دهۆک | 199.461 | 334.691 | دهۆک | 50.228 | 33.611 |
| سلێمانی | 19.092 | 214.500 | سلێمانی | 8.259 | 23.114 |
| کۆ | 323.704 | 1.008.792 | کۆ | 91.268 | 141.738 |
| کۆی گشتی | 1.333.496 | | کۆی گشتی | 233.006 | |
| کۆی گشتی ئاوارەکان و پەنابەران : 1.565.502 کەس. | | | | | |

ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر بە سوود وەرگرتن لە داتاکانی (ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان– وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2017).

له ئەنجامی ئەو شەپۆڵە ئاوارە و پەنابەرانە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (30%) زیادی کردووە، لەکاتێکدا ئاوارەکان بەبەردەوامی خزمەتگوزاریی ئاسایش و پاراستن و خزمەتگوزاریی تریشیان پێشکەشکراوە، ئەمەش لەسەر حیسابی ئابووری کوردستان بووە( ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، 2015). بێگومان بوونی ئەو ڕێژە زۆرەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان قورسایی و تێچوویەکی زۆر دەخاتە سەر حکومەت لە دابینکردنی بوودجەی تایبەت بۆ ئەو ڕێژە زۆرەی ئاوارەکان.

**4. دابەزینی نرخی نەوت:** دوای ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، بووە خاوەن کێڵگەی نەوتی تایبەت بەخۆیی و ڕاکێشانی چەندین کۆمپانیاکانی بواری نەوت و غاز و بە سەربەخۆ دەستی کرد بە فرۆشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ نەوت، بەڵام لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت لە جیهاندا، کوردستانیش زیانێکی گەورەی دارایی بەرکەوت، وەکو هەر وڵاتێکی تری بەرهەمهێنەر و هەناردەکەری نەوت.

بەبڕوای ( الخنسي،2015) دابەزینی گەورە لەنرخی نەوت زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بە وڵاتانی بەرهەمهێن، بەتایبەت ئەگەر ئابووری ئەو وڵاتانە پشت ببەستێت بە دەستهاتەکانی نەوت لە (90%) وەکو وڵاتانی کەنداو، هەروەها قەبارەی کاریگەرییەکە زیاترە لەسەر ئەو وڵاتانەی کە باری داراییان وەک پێویست نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە، بەڵام مەترسییەکان زۆر سەختترن لەسەر ئەو وڵاتانەی کە بە دەست کورتهێنانی بوودجەوە دەناڵێنن، وەکو عێراق. هەرێمی کوردستان دووچاری گرفتی پێدانی پارەی تێچووی کۆمپانیاکانی نەوت بووەوە، لە دوای دابەزینی نرخی نەوت لە (110) دۆلار بۆ (45) دۆلار کە تێچووی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (20) دۆلار بوو، دابەزینی نرخی نەوت دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نەوت، چ لەگەڵ عێراق بێت، چ بەتەنها بێت.

حکومەتی هەرێم نەوت دەفرۆشێت بە (20 )دۆلار، هەرێم ڕووبەڕووی ساڵێکی سەخت دەبێتەوە، دابەزینی نرخی نەوت و شەڕکردن لەگەڵ داعش و پێشوازیکردن لە ڕێژەیەکی زۆری ئاوارەکان، هۆکاری سەرەکیی قەیرانی ئابووڕین لە کوردستان، لە هەمانکاتدا قەبارەی داهات و دەستکەوتەکانی هەرێم (500) ملیار دینارە، بەڵام پێویستمان بە (850) ملیار دینارە بۆ مووچەی فەرمانبەران، قەبارەی داهات و دەستکەوتەکانی ناوخۆیی هەرێم (140) ملیارە، کەچی لە پێش شەڕکردن لەگەڵ داعش ئەو داهاتە (300) ملیار دینار بوو. (بارزانی ،2016).

**5. بڕینی بەشە بوودجەی هەرێم و ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا:** لە ئەنجامی دروستبوونی ململانێی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا، لەسەر پرسی نەوت و فرۆشتنی نەوت، دەرئەنجامی نەرێنی لێکەوتەوە کاریگەرترینیان بڕینی بەشە بوودجەی هەرێم بوو لە (17%) لە بوودجەی گشتیی حکومەتی عێراق، ئەمەش بووە هۆی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان و کورتهێنانی بوودجەی کوردستان.

نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کۆتایی ساڵی (2013)وەک سزایەک، بەبڕیارێکی زارەکی بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستانی ڕاگرت، بەهۆی پابەندنەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەناردەکردنی نەوت لەڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕ کردنی نەوتی عیراق (سۆمۆ)وە. لەلایەکی ترەوە ئەو پرۆسە نەوتییەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2007) دەستی پێکرد لەسەرەتاوە بە قەیران و کێشە دەستی پێکرد، لە ماوەی ئەو ساڵانەی دواییشدا نە قەیرانەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەرکرا و نە نەوت و گازی هەرێمیش توانی ببێتە داهاتێک بۆ چارەسەری قەیرانی دارای، کە بەهۆی نەناردنی بوودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی عێراقەوە سەریهەڵدا. (کەریم و ئەوانی تر،2015 :97،91)

له دەرئەنجامی بڕینی بەشە بوودجەی هەرێم و ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا، ڕەوشی هەرێمی کوردستان بەگشتی تووشی شڵەژان و ناسەقامگیری بوو. "لە دوای ئەوەی توانای دارایی حکومەتی هەرێم گەیشت بەئاقارێکی ترسناک، ناچاربوو بڕیارێکی قورس بدات بۆ کەمکردنەوەی بوودجەی بەکارهێنان بە ڕێژەی (70%) و کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بەڕێژەی( 15%-75%) ئەم بڕیارەش چووە بواری جێبەجێکردنەوە لە سەرەتای ساڵی (2016). (ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان،2016 : 2)

## 6. گەندەڵیی دارایی و کارگێری و لاوازیی سیستەمی چاودێری و ژمێریاری

گەندەڵی دیاردەیەکی سیاسی و ئابووری و کارگێڕی و کۆمەڵایەتییە, لە بنچینەدا مانای بەکارهێنان و سوود وەرگرتنە لە دەستەڵات یان هێز و توانا لە پێناو دەستکەوتێکی ماددی یان مەعنەوی بە ڕێگایەکی نادروست. (داود ،2013: 66)

بەپێی وتەی سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان (د. احمد انور محمد) هەزار دۆسیەی گەندەڵی دارایی و کارگێریی گەورە بوونی هەیە لە دامودەزگاکان و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەختدەکاتەوە لەسەر بەهەدەردانی بڕە پارەیەکی زۆر بەهۆی بڵاوی گەندەڵی لە کوردستان و عێراق بە گشتی، ئاماژە دەکات بە پێشکەشکردنی (900) ڕاپۆرتی گەندەڵی. (محمد،2017)

بەپێی ڕاپۆرت و ڕووپێوی ساڵانەی ڕێکخراوی شەفافی نێودەوڵەتی TRANSPARENCY INTERNATIONAL-the global colition against corruption)، کە ڕیزبەندی ڕێژەی گەندەڵی لە وڵاتان بڵاودەکاتەوە، وڵاتی عێراق وەکو یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان دەستنیشان دەکات لە ساڵانی 2012-2016. بەم شێوەی خوارەوە

ڕیزبەندی و ئاستی گەندەڵی لە عێراقدا دەخەینەڕوو:-
(https://www.transparency.org/news/feature/corruption_perceptions_index2016)

Corruption Perceptions Index 2016

| Rank 2016 | Country | 2016 score | 2015 score | 2014 score | 2013 score | 2012 score |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 166 | Iraq | 17 | 16 | 16 | 16 | 18 |




پلەی گەندەڵی دەستنیشان دەکرێت لە پلەی (100......................0)، ئەو وڵاتانەی کەمترین پلە لە 100 بەدەست دێنن، واتە زۆر گەندەڵن و تا پلەیان بەرزتربێتەوە ڕێژەی گەندەڵیان کەمتر دەبێتەوە.

وڵاتی عێراق لە کۆی (176) وڵات و لە کۆی (5) ساڵ پلەی (166) بەدەستهێناوە، واتە تەنها (10) وڵات لە عێراق زیاتر گەندەڵترن. هەرێمی کوردستان وەکو بەشێک لە عێراق هەژمارکراوە و جیانەکراوەتەوە.

گەندەڵی دەبێتە هۆی لاوازکردنی وەبەرهێنان و گواستنەوەی سامان بۆ دەرەوەی وڵات، لە کاتێکدا کە پێویستە ئەو سامانە بەکاربهێندرێت بۆ دامەزراندنی پرۆژەکانی گەشەپێدانی ئابووری کە خزمەتی هاوڵاتی بکات لە ڕێگەی دابینکردنی کار، هەروەها دەبێتە هۆی کۆچکردنی کەسانی

خاوەن عەقڵ و توانا ئابوورییەکان بۆ دەرەوە بەهۆی لایەنگیری و واستەکردنەوە. (ابراهیم و هارون، 2016 : 226)

لەلایەکی ترەوە بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەیەک کە لەلایەن کۆمەڵێک توێژەرەوە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە لەبارەی (لایەنە کەموکوریەکان لە ستاندەرەکانی ژمێریاری و کاریگەری لە دروستکردنی قەیران و هەرەسهێنانە داراییەکان) دەرکەوتووە، کە کاریگەریی کەموکورییەکانی ستاندەرەکانی ژمێریاری، کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر دروستبوونی قەیرانی دارایی، بە سوودوەرگرتن لە کەموکورییەکان و نەرمی و خراپ بەکارهێنانی ستاندەرەکانی ژمێریاری، ژمارەی لیستە داراییەکان دەگۆڕن بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا، ئەم گۆڕانکارییانە لە ماوەیەکی درێژخایەن زیانێکی زۆر بە کۆمپانیا و ئەو لایەنانە دەگەیەنێت، کە مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیا دەکەن و لەوانەیە ببێتە هۆی هەرەسهێنانی کۆمپانیا و دروستبوونی قەیرانی دارایی(نور و اخرون،2016 :407).

کەواتە دەتوانین بڵێین بوونی گەندەڵیی دارایی و کارگێری و لاوازیی سیستەمی ژمێریاری لە هەر وڵاتێک، بەهەموو شێوەکانییەوە لە بەرتیل و نەبوونی شەفافیەت و تەخشان و پەخشانکردنی سەروەت و سامان ، هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی دەرامەت و داهاتی دەوڵەت و زیادبوونی تێچووەکان و لاوازبوونی متمانەی خاوەن سەرمایەکان بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان لە وڵات، ئەم دیاردانەش لە کوردستاندا بوونی هەیە و گەر هۆکاری سەرەکیش نەبووبن، ئەوا بەلایەنی کەم یارمەتیدەر بوونە بۆ ڕوودانی قەیرانی دارایی لە کوردستان.

**تەوەرەی چوارەم: میتۆدی توێژینەوە (Research Method)**

میتۆد شێوازێکە بۆ بیرکردنەوە و کارکردن کە توێژەر پشتی پێ دەبەستێ بۆ ڕێکخستنی بیروڕاکانی و شیکردنەوە و خستنەڕوویان،

هەروەها بۆ گەیشتن بە دەرئەنجام و ڕاستی دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە(علیان و غنیم،2004 : 33).

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی چۆنایەتی ( Qualitative Method) بەکارهاتووە، ئەم میتۆدەش یەکێکە لە ڕێبازە سەرەکییەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان. توێژینەوەی چۆنایەتی ئەو توێژینەوانەن کە ئاماجی سەرەکییان بریتییە لە وەسفکردنی بارودۆخێک، دیاردەیەک، گرفتێک یاخود ڕووداوێک، کە تیایدا زانیارییەکان کۆدەکرێنەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی گۆڕاوەکان یاخود پێوانەکردنی ئەو گۆڕاوانە بە پێوەرەکانی پێوانی چۆنایەتی، هەروەها زانیارییەکان ناگۆڕێن بۆ ژمارەکان لەکاتی شیکردنەوە بۆ دیاریکردنی جیاوازی لە هەڵوێستێک یاخود گرفتێک. (صوان،2017 :41)

تایبەتمەندییەکانی ئەم تیۆرە بریتییە لەوەی کە هاوکاری توێژەر دەکات بۆ گەیشتن بە زانیاریی قووڵ لە بارەی بابەتەکانی توێژینەوە، کە ئەستەمە بتوانین گوزارشتیان لێبکەین بە ژمارە و ئامار، هەروەها ئەم میتۆدە تێگەیشتنێکی زیاترمان پێدەبەخشێت بۆ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە زانیاریی زۆرمان لەبارەیەوە نەبێت، یاخود ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانمان لەبارەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە بەشێوەیەکی ورد ڕاڤەنەکراوان.(ماجد، 2016 : 34)

**تەوەرەی پێنجەم:کۆکردنەوەی داتاکان**

بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی داتا لەبارەی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر تاک و کۆمەڵگا، پشت بە ئامرازێکی گرنگی کۆکردنەوەی زانیاری بەستراوە کە چاوپێکەوتنە.

چاوپێکەوتن (Interview) یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کە بەکاردێت لە توێژینەوەی مەیدانیدا، یاخود بریتییە لە

پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە نێوان دوو کەس ڕوودەدات، یەکیان توێژەرە کە وەرگر و کۆکەرەوە و پۆلێنکەری زانیارییەکانە، دووەمیان لێتوێژراوە کە بەخشەری زانیارییەکانە بۆ توێژەر، لە دوای ئاراستەکردنی پرسیار لەلایەن توێژەرەوە. (عیشور و اخرون،2017 : 329 ،330)

چەند جۆرێک چاوپێکەوتن هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە توێژینەوەی مەیدانیدا، جۆری ئەو چاوپێکەوتنەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، بریتییە لە چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە. ئەم چاوپێکەوتنەش واتە دیاریکردنی ژمارەیەک پرسیار سەبارەت بەبابەتی توێژینەوە، لەهەمان کاتدا توێژەر ئازاد دەبێت لە ئاراستەکردنی پرسیاری تریش کە بەباش و گونجاوی دەزانێت، بەو مەرجەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەبێت. (عمر ،2001 : 272) لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ (12) کەسی شارەزا و پسپۆر کراوە، چاوپێکەوتنەکانیش تۆمار(ڕیکۆرد)کراون و پاشان پاکنووسکراون.

**تەوەرەی شەشەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە ( Population and simple Study)**

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە کۆی هەموو ئەو تاکانەی کە نموونەی توێژینەوە و بەشداربووەکانی تیادا دیاری دەکەی ( Coolican, 2014). کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە شاری هەولێرە، هەروەها نموونەی توێژینەوەکەش، نموونەیەکی مەبەستدارە. مەبەست لە نموونەی مەبەستدار ئەو نموونەیەیە کە پشت دەبەستێت بە ویست و ئارەزووی توێژەر لە کۆنترۆڵکردنی ئەو نموونەیەی کە مەبەستیەتی، بۆ ئەوەی زانیاریی ڕاست و ورد و بەڵگەدار لەڕووی زانستییەوە کۆبکاتەوە. (حمداوي،2013)

**تەوەرەی حەوتەم: خەسڵەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە**

نموونەی توێژینەوەکە لە (12) کەس پێکهاتوون کە شارەزا و پسپۆڕن و خاوەن بڕوانامەی بەرزن بەپێی تەوەرەکانی توێژینەوەکە وەرگیراون، بەم شێوەیە (2) کەسیان پسپۆری کۆمەڵناسین، یەکیان پرۆفیسۆری یاریدەدەرە و ئەویتریان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە. لە بواری دەروونیش (2) کەس، یەکیان پسپۆری نەخۆشییە دەروونییەکانە و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە، ئەویتریان پرۆفیسۆرە لە بەشی دەروونزانی. هەروەها (2) کەسیان پرۆفیسۆری یاریدەدەرن لە بواری ئابووری. هەروەها (2) کەسیان پسپۆرن لە بواری پەروەردە، یەکیان زیاتر لە (20) ساڵە سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و ئەویتریان بەڕێوەبەری پلاندانانە. هەروەها (1) کەسیان پسپۆری سیاسییە و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە. لە بواری تەندروستیش (2)کەس، یەکیان پزیشکە و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە، ئەویتریان پزیشکە و بەڕێوەبەری گشتییە لە وەزارەتی تەندروستی. لە بواری ژینگەش (1) کەس کە پێشتر وەزیری ژینگەی عێراق بووە.

**تەوەرەی هەشتەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆی توێژینەوە**

**ئاکام و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر تاک و کۆمەڵگا**

- **بواری کۆمەڵایەتی**

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە قەیرانی دارایی و ئابووری کۆمەڵێک دەرئەنجامی نەرێنی دروستکردووە لەسەر کۆمەڵگا. قەیرانی ئابووریی گەورەی ساڵی (1930) کاریگەریی دروستکرد لەسەر هەموو کۆمەڵگای ئەمریکی لەلاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان تاکەکان و گروپەکان، هەروەها زیادکردنی ڕێژەی خۆکوشتن و هەڵکوتانە سەر

بازاڕگە بازرگانییەکان و دزیکردن و نەخۆشییەکانی خەمۆکی و ئالۆودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و لادانی هەرزەکاران. (عمر ب، 2005: 77،76) قەیرانی دارایی کاریگەری دەخاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەکو نموونەی یەکەمی تویژینەوەکە (ه. ح) کە پسپۆڕی کۆمەڵناسییە دەڵێت "ئەگەر ئێمە سەیری خودی کۆمەڵناسی بکەین دەگونجێت ئەم قەیرانە بە هەردوو دیوەکە کاریگەریی هەبێت، هەم بەدیوە نەرێنییەکە و هەم بە دیوە ئەرینییەکە، بۆ نموونە گەر سەیری تیۆرەکانی کۆمەڵناسی بکەین یەکێک لەو تیۆڕانە بەناوی نائاسایشی بوون (existential insecurity) ئەم تیۆرە بەکورتی دەڵێت ئەگەر مروڤ لە دۆخی نائاسایشیدا بژیت و هەست بکات مەترسییەک لەسەر ژیانی هەیە، لەو دۆخەدا خەڵک زیاتر دەگەڕێتەوە ناو گروپە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی و زیاتر پشت بەوانی تر دەبەستێت، لەهەمان کاتیشدا کاتێک لەبەر قەیران مرۆڤەکان سەرقاڵن بە بژێوی ژیان و خەریکی چەند کارێکن و زۆربەی کات لە دەرەوەن، ئەمە وا دەکات داببڕێت لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو پەیوەندیانە بەرەو لاوازیی بڕوات. بەڵام بەگشتی خەڵک لە کاتی قەیراندا نارەحەتە و دڵی خۆش نییە و کەمتر بەلای پەیوەندییەکانەوە دەڕوات. هەروەها نموونەی دووەم (ز. أ. پ) دەڵێت" لەدوای ساڵی (2014) بەهۆی قەیرانی داراییەوە، زۆرێک لە هاولاتییان بەتایبەت فەرمانبەران سەرقاڵن بە پیشەی دووەم و زۆربەی کات لە دەرەوەن، بۆ ئەوەی بتوانن بژین و پێداویستیی خێزانەکانیان دابین بکەن، ئەمەش کاریگەریی هەبووە لەسەر ڕۆڵی تاک و خێزانەکان لە پەروەردە و چاودێریی منداڵەکان و ڕۆڵیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گومانی تیدا نییە، کەسێک چەند کارێک پێکەوە بکات، ئەوا لەسەر حیسابی پەیوەندییەکانی ناو خیزانەکەیەتی و ئەو توانا و وزەیەی نامێنیت، کە بە ڕۆڵەکانی هەستێت لەگەڵ ئەندامانی خیزانەکەی و دەرەوەی خێزانەکەشی، بۆیە قەیرانی دارایی زیاتر کاریگەریی نەرێنیی هەبووە لە لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەک بەهێزکردنی پەیوەندییەکاندا.

سەبارەت بە کاریگەریی قەیرانی دارایی لەسەر بەها و پێوەرەکان (ه. ح) دەڵێت "ئەگەر لە ئەزموونی کۆمەڵگاکان و توێژینەوەکان بڕوانین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کاریگەری قەیران زۆرە لەسەر بەها و پێوەرەکان، وەکو ڕاستگۆیی و دەستپاکی ..هتد. بۆ نموونە کاتێک تاک برسی بوو مووچەی نەبوو و بژێوی ژیانی سەخت بوو کەمتر هەست بە بەرپرسیارەتی دەکات بۆ نموونە پاکوخاوێنیی سەر شەقام، پاشەڕۆ فڕێدەدات گەر پێی بڵێی بۆ وادەکەی وەڵامت دەداتەوە کە من نانم نییە بیخۆم با شەقام هەر پیس بێت. واتە ئەم قەیرانە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی وا دروستدەکات کە هەندێ لە بەها باشەکان زۆر گرنگ نەبن و کەمتر پابەندبێت پێوەی و ئەم گرنگییەی نەمێنێت." لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر خێزان لە زیادکردنی توندوتیژی خێزانی و لێکجیابوونەوە.

جیابوونەوە وەکو گرفتێکی کۆمەڵایەتی دووچاری خێزان دەبێت و کاریگەری و ئاسەوارەکانی دەگوازرێتەوە بۆ هەموو کۆمەڵگا، هەروەک نموونەی یەکەم (ه. ح) دەڵێت" قەیرانی دارایی هۆکارێکە بۆ دروستبوونی جۆرێک لە گرفتە خێزانییەکان، بەهۆی سەختی ژیان و کەمی مووچەوە بارودۆخیکی کۆمەڵایەتی و دەروونی نەخوازراو بۆ هاوسەران دروست دەکات ئەمەش پاڵنەرە بۆ لێکجیابوونەوە". لەم بارەوە نموونەی دووەم (ز. أ. پ) دەڵێت"  بەدڵنیاییەوە، قەیرانی دارایی دەبێتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی توندوتیژی لەناو خێزان و تەنانەت لە دەرەوەی خێزانیش، چونکە کاتێک تاک و خێزان دووچاری بارێکی خراپی ئابووری و دارایی دەبێت، لە چینێکی مامناوەند دەچێتە چینێکی هەژار و کاتێک بەخێوکەری ماڵ ناتوانیت حەز و ئارەزووەکانی خۆی و منداڵەکانی جێبەجێبکات، ئەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر باری دەروونی دەبێت و ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر زیادبوونی هەڵچوون و لەدەستدانی کۆنترۆڵی مرۆڤ و ئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاو و توندوتیژی."

لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی بۆتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی تاوانەکان لە کۆمەڵگادا. قەیرانە ئابوورییەکان بریتین لە شێوەیەک لە گۆڕان، کە گۆڕانی بنەڕەتی ڕوودەدات و کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ناتوانرێت نکۆڵی لە کاریگەرییەکانی قەیرانە ئابوورییەکان بکرێت لەسەر دیاردەی تاوان لە کۆمەڵگادا، ئەوەی کە دروستی دەکات دەتوانین پێی بڵێین (زیادبوون لە تێرکردنی تاوان یاخود لەچڕی تاوان). (الشاذلي،2009 :221) هەروەک نموونەی یەکەم (ه. ح) دەڵێت "بەدڵنیایەوە ڕێژەی تاوانەکان بەرزبوونەتەوە، بەتایبەتی تاوانەکانی دزی و بەرتیل واتە ئەو تاوانانەی کە ڕەهەندێکی ئابوورییان هەیە". هەروەها نموونەی دووەم (ز. أ. پ) دەڵێت "بەپێی تیۆرەکانی تاوانناسی پەیوەندی هەیە لە نێوان هەژاری و بێکاری لەگەڵ تاوان، کاتێک تاک نەتوانێت بژێوی ژیانی دابین بکات و پێداویستییە سەرەکییەکانی تێربکات ئەوا دەستدرێژی دەکات، زۆر جار بەهۆی تاوانی دزیکردنەوە کوشتن ڕوودەدات، ئێمە لە میدیاکان و ڕاپۆرتەکان لەم چەند ساڵەی قەیران، بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی کوشتن و دزیکردن زیادبووە بەهۆی تێکچوونی باری دارایی و زۆربوونی قەرزەکان و بێکاری و هەژاری، بۆیە گومانی تیدانییە قەیرانی دارایی هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دزیکردن و کوشتن".

بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی میریی هەرێمی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی تاوانی کوشتن و دزیکردن زیادیکردووە، لەماوەی (2014-2015) بە بەراوردکردن بە دوو ساڵی پێش قەیران (2012- 2013) دەرکەوتووە "ڕێژەی تاوانی دزیکردن لەساڵی (2012) (2527) دزیکردن ڕوویداوە، لە ساڵی (2013) (2967) دزیکردن ڕوویداوە، بەڵام لە ساڵی (2014) بەرزبۆتەوە بۆ (4488) و لە ساڵی (2015) زیاتر بووە بۆ (5222) تاوانی دزیکردن. هەروەها سەبارەت بە تاوانی کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن دەرکەوتووە، لە ساڵی

(2012) (287) کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن ڕوویداوە، لە ساڵی (2013) (242) کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن ڕوویداوە، بەڵام لە ساڵی (2014) بەرزبۆتەوە بۆ (977) تاوان و لە ساڵی (2015) کەمبۆتەوە بۆ (886) تاوانی کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن".(پیرداود،2016 :77)

- **بواری دەروونی**

قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی دەروونی تاکەکان بەگشتی دروستکردووە. یەکێک لە کاریگەرییەکانی ئەم قەیرانە لەسەر پێداویستییەکانی تاکە، هەروەکو نموونەی سێیەم (ڕ. ڕ. ص) پسپۆری نەخۆشییە دەروونییەکان دەڵێت"ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئەو هەڕەمەی زانا ماسلۆ کاتێک باسی پێداویستییەکانی ئادەمیزاد دەکات، لەو پێداویستییانەش ئەوەی کە پێی دەڵێین (basic needs) واتە پێداویستییە سەرەکییەکان، وەکو هەوا و ئاو و خۆراک، کاتیک کە قەیرانی دارایی سەرهەڵدەدات بەشێک لەم پێداویستییە سەرەکییانە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ناگات بە ئادەمیزاد و گرفت دروستدەبێت لە قوناغەکانی دیکەی هەڕەمەکە، وادەکات جۆرێک لە ناڕەحەتی و بێ ئۆقرەیی دەروونی لەلای تاکەکان دروست بێت". هەروەها نموونەی چوارەمی توێژینەوەکە کە پرۆفیسۆرە لە دەروونزانی ( ع. أ. ع ) دەڵێت" کەمی مووچە و بڕانی مووچە کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر سەقامگیری و لایەنی دەروونی تاکەکان، ئەگەر لەڕوانگەی هەڕەمی پێداویستییەکانی ماسلۆ سەیری بکەین، ئەوا ئەم قەیرانە کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر هەموو ئاستەکان، هەر لە جۆری خواردن و پێداویستییەکانی تر، ئەمانەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ئاسایشی دەروونی".

لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی بۆتە هۆی زیادکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان و ناڕەحەتی دەروونی لەلای تاک. هەروەکو نموونەی سێیەم ( ڕ. ڕ. ص) دەڵێت: "بەدڵنیاییەوە قەیرانی دارایی هۆکارە بۆ

کۆمەڵێک نەخۆشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و نارەحەتی دەروونی، چونکە ئەو کەسەی دووچاری قەیرانی دارایی و ئابووری دەبێت ناتوانیت هەموو پێداویستییەکانی دابین بکات بۆ خانەوادەکەی خۆی و زۆر جار تاک دووچاری ململانێی دەروونی دەبێت، ئەمەش بۆی هەیە هەندێکیان ببن بە نەخۆشی و هەندێکیان ببن بە نیشانە وەکو هەڵچوون و تورەبوون و تێکچوونی خەو یان نەمانی متمانە، هەروەها جۆرەکانی دڵەڕاوکی هەموویان پەیوەندییان بە قەیرانی دارایی و ئابووری هەیە و دەکرێت یەکێک بێت لە هۆکارە سەرەکییەکان، ئەگەرچی بە پێی هەندێ سەرچاوە لە (70%) هۆکارەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان بریتین لە قەیرانی دارایی، بەڵام ئەمە پێویستی بەتوێژینەوەی زیاتر هەیە, دەتوانیین نموونەی زیندوو باس بکەین بۆ سەلماندنی ئەم کاریگەرییانە، لە ساڵانی شەستەکان لە ئەوروپا داتەپینی ئابووری سەریهەڵدا و ڕێژەی نەخۆشییە دەروونییەکانی دوو تا سێ ئەوندە زیادیکرد بەبەراورد لەگەڵ پێش داتەپینی ئابووری، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە". هەر لەم بارەوە نموونەی چوارەم ( ع. أ. ع ) دەڵێت" لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی ڕێژەی نەخۆشییە دەروونییەکان لە هەڵکشاندییە، چونکە پەیوەستە بەو ژینگەییەی کە تاک تیایدا دەژێت، چەندە ژینگەکە نالەباربێت ئەوەندە زیاتر دەبێت، لەگەڵ هاتنی قەیران ئەو ژینگەیە نالەباربووە و زۆر لە تاکەکان دووچاری هێدمەی دەروونی بوون، واتە بەگشتی هەڕەشە بوو لەسەر ئاسایشی دەروونی تاکەکان.

ئاکامێکی تری قەیرانی دارایی بریتییە لە گۆڕانی جۆری ژیان(**Quality of Life**)ی هاوڵاتییان لە دوای(2014). نموونەی سێیەم (ڕ. ڕ. ص) دەڵێت "بەدڵنیاییەوە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر جۆری ژیانی خەڵک، بۆ نموونە لە پێش قەیران کەم خێزان هەبوو چەند ئوتۆمبێلێکی نەبێت و گەشت نەکات بۆ وڵاتانی تر، بەڵام دوای (2014) ئەم بارودۆخە گۆڕا و ئەو خۆشگوزەرانییەی پێشوو نەما". هەر لەم

بارەوە نموونەی چوارەم ( ع. أ. ع) دەڵێت" لە پێش قەیران هاوڵاتیدان تاڕادەیەک لە خۆشگوزەرانیدا دەژیان، چونکە هاوڵاتییان دەیانتوانی پێداویستییەکانیان دابین بکەن هەر لە گەشتکردن و نەخۆشخانەی باش و کەلوپەلی باش، بەڵام لەدوای (2014) ئەو جۆرە ژیانە گۆڕا، هاوڵاتییان لە بارودۆخێکی سەختدا دەژین و ئەو پارەیە نەما کە لەپێش قەیران هەبوو، ئەوەی پاشەکەوتیشی کردبوو سەرفیکرد."

- **بواری ئابووری**

بێگومان بواری ئابووری بەدەر نییە لەو کاریگەرییە نەرێنییانەی کە قەیرانی دارایی دروستیدەکات لە زیادکردنی دیاردەکانی هەژاری و بێکاری و لاوازکردنی ژێرخانی ئابووری. هەروەکو نموونەی پێنجەم (ت. ف. س) دەڵێت" قەیرانی دارایی کاریگەری هەیە لە زیادکردنی هەژاری، چونکە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پارە لە بازاڕ و کەمبوونەوەی دەرفەتی کار و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی داهاتی کەسەکان و زیادبوونی ڕێژەی هەژاری." هەروەها نموونەی شەشەم (ا. م. ع) دەڵێت" بێگومان کاتێک قەیرانی دارایی و ئابووری دروستدەبێت، خواست لەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکان کەم دەبێتەوە، ئەم دابەزینەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمی کۆمپانیاکان لە بازاڕەکان نەفرۆشرێت، کەڵەکەبوونی کاڵاکانیش لەبازاڕدا خاوەن کۆمپانیاکان ناچار دەکات بەرهەمەکانیان کەمبکەنەوە، واتە کۆمپانیاکان کاری کەمتر و بەرهەمی کەمتری دەوێت، ئەوەش دەبێتە ناردنە ماڵەوەی بەشێک لە کرێکارەکان و سەرچاوەی داهاتی ئەو کرێکارانە نامێنیت و سەرەنجام تووشی هەژاری دەبێت. ئەم دۆخەش لە هەرێمی کوردستاندا بەتەواوی هەستپێکراوە لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە ساڵی (2014) ڕێژەی هەژاری بەرزبۆتەوە، بۆ نموونە لە ساڵی (2012) ڕێژەی هەژاری لە (13%)بووە، بەڵام لە ساڵی (2015) بەرزبۆتەوە بۆ(15%). " لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی ڕێژەی بێکاری و لەدەستدانی کاری

زیادکردووە، هەروەکو نموونەی پێنجەم (ت. ف. س) دەڵێت" کاتێک قەیرانی دارایی هەیە سستی و بێبازاڕی وادەکات زۆر لە پڕۆژە و کارگەکان ڕێژەی بەرهەمهێنان کەم بکەنەوە کە ناچاردەبن ڕێژەیەک لە دەستی کار دەربکەن لە کارەکانیان و ئەگەر ئەو قەیرانە بۆ چەند ساڵێک بەردەوام بێت، خواست لە سەر کار زۆر دەبێت هیچ دەرفەتێکی نوێش نییە بە هۆی قەیرانەوە بۆیە ڕێژەی بێکاری زیاد دەکات".نموونەی شەشەم ( ا. م. ع) دەڵێت"ئەگەر هاوڵاتییان هێزی کڕینیان بەهێز بێت واتە پارەیان هەبێت ئەوا دەتوانن کاڵا و خزمەتگوزاری بکڕن، بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریش خاوەن کارگەکان پێویستییان بە کرێکار هەیە و خواست لەسەر کرێکار زۆر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە کاتێک هێزی کڕینی هاوڵاتییان دادەبەزیت ئەوا خواستیان لەسەر کرینی کاڵا و خزمەتگوزاری کەمدەبێتەوە ئەمەش کارگەکان ناچار دەکات بەشێک لە کرێکارەکان بنێرنەوە ماڵەوە و کرێکارەکان بێکار دەبن، بەم جۆرە قەیرانی دارایی دەبێتە هۆی دابەزینی دەستهاتی تاک و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری". بەپێی ڕاپۆرتەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕێژەی بێکاری لە کوردستاندا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە. بۆ نموونە لە ساڵی (2014) ڕێژەی بێکاری لە (7.13%) بووە، بەڵام لەساڵی (2015) بەرزبۆتەوە بۆ (13.53%) واتە ڕێژەکە نزیکەی (90%) بەرزبۆتەوە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ، 2016).

کاریگەری و ئاکامێکی تری قەیرانی دارایی، بریتییە لە خراپبوون و کەمبوونەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەلایەن میرییەوە هەروەکو نموونەی پێنجەم (ت. ف. س) دەڵێت" کاتێک حکومەت بوودجەی تەواوی لە دەستدا نەبیت بۆ تەواوکردنی پڕۆژە خزمەت گوزارییەکان ئەوا ئاستی خزمەتگوزاری لاواز دەبێت، ناڕەزایی و تێکدانی زیاتری بەسەردێت و گەندڵیش زیاتر دەبێت". هەروەها نموونەی شەشەم (ا. م. ع) دەڵێت " لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانەکان خزمەتگوزارییە گشتییەکان هەم کەمدەبنەوە

و هەم کوالێتیشیان دادەبەزێت، بەهۆی کەمبوونەوەی دەرامەتەکان و خەرجییەکانی میری، لە هەرێمی کوردستاندا ئەم دۆخە زۆر بەئاشکرا هەستیپێکرا لە خزمەتگوزارییە تەندروستی و پەروەردەییەکان و بوارەکانی تردا". دواجار قەیرانی دارایی کاریگەرییەکی خراپی لەسەر گوزەرانی هاولاتییان دروستکرد، هەروەکو نموونەی پێنجەم (ت. ف. س) دەڵێت "بژێوی ژیانی هاولاتییان بەستراوەتەوە بە داهات و بە دەست هێنانی کار، ئەگەر کارەکانیان لە دەست بدەن ئەوا داهات لە دەستدەدەن و ئەگەر کارەکەش لەدەست نەدەن بە لایەنی کەم داهاتێکی کەمتر بە دەست دەهێنن و بژێوییان بەرەو خراپی دەڕوات لەگەڵ خراپبوونی خزمەتگوزاری و نەمانی بازاڕ بژێوییان زۆر سەخت دەبێت". هەروەها نموونەی شەشەم (ا. م. ع) دەڵێت"بێگومان لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی تەکنۆلۆجیا بەردەوام پێداویستی نوێ دێتە ئاراوە و مرۆڤ هەوڵدەدات بەدەستیان بهێنیت، ئەم پێداویستییانەش پێویستییان بە پارەی زیاتر هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە ئاستی ژیان، پێویستە دەستهاتی تاک بەرزبێتەوە تاوەکو دانەبەزێت لەو ئاستە، بەڵام کاتێک قەیران ڕوودەدات ئاستی گوزەران بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە لەگەڵ بەردەوام بوونی قەیران".

- **بواری سیاسی**

قەیرانی دارایی لەبواری سیاسیش کۆمەڵێک ئاکام و کاریگەری خۆی دروستکرد، یەکێک لە کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی قووڵترکردنی ململانێی سیاسی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان و لاوازبوونی ئینتیمای نیشتمانی لەلای هاولاتییانە. هەروەکو نموونەی حەوتەم(م. س. ا) دەڵێت "ململانێی سیاسی ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی هەیە لە نێوان پارتە سیاسییەکان و ئەوەی باجەکەشی دا و بووە قوربانی هاولاتی بوو، لە دوای (2014) ئەم قەیرانە بووە هۆکارێک بۆ یەکتر تۆماتبارکردن و یەکترشکاندن، بەتایبەتیش میدیا ڕۆڵێکی گەورەی دەگێڕا لە قووڵبوونی قەیرانەکان لە نێوان لایەنە سیاسییەکان. ئەم بارودۆخانە هەمووی

دڵەڕاوکێی دەروونی زیاتر کرد بۆ هاوڵاتییان. هەروەها قەیرانی دارایی ئینتیمای نیشتمانی لاوازکرد بەڵگەش لەسەر ئەمە کۆچکردنی ئەو هەموو گەنج و لاوانەیە بۆ دەرەوە، کە ئەمانە سامانی مرۆیی ئەم میللەتەن. بەڵام بە داخەوە بەشێکیان دەخنکێن لە دەریای ئیجە و بەشێکیشیان ژیانێکی زۆر سەختیان هەیە و دووچاری بارودۆخێکی دەروونی زۆر سەخت بوون لەو وڵاتانە، لەهەمان کاتدا کۆچکردنی کۆمەڵێک کەسی شارەزا و پسپۆر کە ئەوانە سامانی نەتەوەیین".

لەلایەکی ترەوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئاسایشی نەتەوەیی کەوتە ژێر مەترسی و هەڕەشەوە، لەم بارەوە نموونەی حەوتەم (م. س. ا) دەڵێت "دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، یەکەمیان بوونی داعش. دووەمیان نەبوونی ستراتیژیەکی ئابووری یان نەتەوەیی. لە ساڵی (2014) شەڕی داعش قورساییەکی زیاتری دروستکرد لەسەر میری، هەروەها دابەزینی نرخی نەوت و دروستبوونی قەیرانی ئابووری کاریگەری هەبوو لە قوڵبوونی قەیرانە سیاسییەکان لە هەرێمدا، مادام ئێمە (17%) بوجەی عێراقمان بوو، نەدەبووایە ئێمە سەربەخۆیی ئابووری خومان ڕابگەیەنین و میریی عێراق لە خۆمان بێمنەت بکەین، دەمانتوانی گرێبەستی دریژخایەن لەگەڵ کۆمپانیاکان بکەین بۆ داهاتوو، هەروەها دەبووایە ستراتیژیەکی درێژخایەن دابنێین و کەرتی کشتوکاڵ پێشبخەین و کاریگەرییەکانی ئەم قەیرانە دارایی و ئابوورییە کەمتر دەبۆیەوە."

قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر سەقامگیری سیاسی و لاوازبوونی متمانەی هاوڵاتییان بە میری. نموونەی حەوتەم (م. س. ا) دەڵێت"بەدڵنیاییەوە قەیرانی دارایی کاریگەری هەیە لە لاوازبوونی متمانەی هاوڵاتییان بە میری، هەر لە پێش (2014) متمانەی هاوڵاتییان کەم بووە بە میری، چونکە بەداخەوە زۆر جار نەتوانراوە کەسی پرۆفیشناڵ و شارەزا و پسپۆڕ دابندرێن و ببن بە وەزیر و کاربەدەست تا بتوانن

گەشەپێدانێکی گەورە بکەن، چونکە گەشەپێدانێکی گەورە پێویستی بە کەسی شیاو و شارەزا و پسپۆڕە. بەتایبەتیش لە دوای ساڵی (2014) متمانە زۆر لاوازبووە، چونکە گەر میری نەتوانێت بژێوی ژیانی خەڵک دابین بکات بە دڵنیاییەوە متمانە لاواز دەبێت، هەروەها ڕێژەی زۆری ئەو پاشکەوتە و کەمی مووچە کارەساتێکی گەورەیە، چونکە میری دەبێت ژیان و بژێوی خەڵک دابین بکات".

- **بواری پەروەردە**

قەیرانی دارایی لەبواری پەروەردەش کۆمەڵێک ئاکام و کاریگەری خۆی دروستکرد، بەتایبەت کاریگەری نەرێنی هەبوو لە وازهینان و دابرانی مامۆستا و قوتابی لە پرۆسەی پەروەردە، هەروەکو نموونەی هەشتەم (ع. ع. ک) دەڵێت" بەدڵنیاییەوە مامۆستا و قوتابی وازی هێناوە بەهۆی سەختی بژێوی ژیان و کەمی مووچە و زۆری سیستەمی پاشەکەوت". بەپێی وتەی نموونەی نۆیەم (ە. ص) کە بەڕێوەبەری پلاندانانە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر دەڵێت" پاڵپشت بە داتاکانی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، ڕێژەی دابڕان و وازهێنانی قوتابی و مامۆستاکان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی زیادبووە بەهۆی قەیرانی داراییەوە بۆ نموونە: لە ساڵی خوێندنی (2013– 2014) لە قۆناغی بنەڕەتی (2484) قوتابی و لە قۆناغی ئامادەیش (637) قوتابی. لەساڵی خوێندنی (2014– 2015 ) لە قۆناغی بنەڕەتی (2613) قوتابی و لە قۆناغی ئامادەیش (915) قوتابی. لە ساڵی خوێندنی (2015 – 2016) لە قۆناغی بنەڕەتی (2844) قوتابی، لە قۆناغی ئامادەیش (838). لەساڵی خوێندنی (2016 – 2017) لە قۆناغی بنەڕەتی (2544) لە شاری هەولێرە. لە قۆناغی ئامادەیش (814) قوتابی. بەڵام ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی کە پەنایان بۆ مۆڵەتی بێ مووچە و مۆڵەتی درێژخایەن بردووە بەهۆی کاریگەری ئەم قەیرانەوە بەم شێوەیەیە: بۆ نموونە لە ساڵی خوێندنی (2014– 2015 ) (361)

مامۆستا، له ساڵی خوێندنی (2015 – 2016) (425) مامۆستا، لەساڵی خوێندنی (2016 –2017) (525) مامۆستا مۆڵەتی بێ مووچه و درێژخایەنیان وەرگرتووە."

لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی هەبووە لە توانای دامودەزگاکانی پەروەردە لە پێگەیاندنی ئەندامەکانی و دەستکەوتی خوێندن لە قوتابخانەکاندا. قوتابخانە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پێگەیاندنی تاک و گەشەی کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی و ئامادەکردنی لە ڕووی زانستی و کردارییەوە، منداڵ لە ڕێگای قوتابخانەوە دەچێتە ناو کۆمەڵگایەکی گەورە، کە لە سەری پێویست دەبێت بژیت لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا و دەستدەکات بە فێربوون و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ڕەفتار و سروشت و گونجانی لەگەڵ کۆمەڵگاکەی.(الزهراني،2013) بۆیە ئەگەر قوتابخانە و دامودەزگا فێرکارییەکان لە ئاستی پێویست نەبوون بەهۆی هەر هۆکارێکەوە ئەوا ئەو کۆمەڵگایە بەرەو دواکەوتوویی و داڕووخان دەڕوا. نموونەی هەشتەم (ع. ع. ک) دەڵێت"مامۆستا و قوتابی لە بارودۆخێکی سەختی دارایدا دەژین ئەم بارودۆخەش کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر پرۆسەی فێربوون و فێرکردن، بۆ نموونە تۆ ناتوانیت بە منداڵەکان بڵێیت خوێندن باشە چونکە داهاتووی نادیارە، چەندین دەرچووی کۆلیژ هەن لە ماڵەوەن و کاریان نییە و ناتوانن لەڕێگەیی خوێندنەوە بژێوی ژیانیان دابین بکەن". هەروەها ئاکام و کاریگەرییەکی تری قەیرانی دارایی لەسەر کەرتی پەروەردە، خزمەتگوزاری و پێداویستییە پەروەردەییەکانی لاواز کردووە. نموونەی هەشتەم (ع. ع. ک) دەڵێت"بەدڵنیاییەوە کاریگەری هەبووە، هیچ شتێک نەماوە، زۆرجار لەڕێگەی هاوکاری قوتابییانەوە لە هەندێ قوتابخانەکان بەشێک لە پێداویستییەکان دابین دەکرێن، یاخود گەر ساڵانە هاوکارییەک هەبێت، یاخود ساڵانە ئەگەر لە (10%- 15%) پەرتووکەکان کۆپی

بکرێن. لەهەمان کاتدا کە قەیرانی دارایی سەریهەڵدا هەموو ئەو خولانە وەستان کە بۆ شیاندن و ئامادەکردنی مامۆستا ئەنجامدەدران".

لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی پابەندبوونی مامۆستا و قوتابی بە پرۆسەی فێربوون و فێرکردنەوە. هەروەکو نموونەی نۆیەم (ه. ص) دەڵێت " قەیرانی دارایی بۆتە هۆی لاوازی پابەندبوونی مامۆستا بە ئەرکەکەی، هۆکارەکە ئاشکرایە مامۆستا بەو برە پارەی دوای پاشکەوت وەریدەگرت نەیتوانی بژێوی ژیانی خۆی پێ دابین بکات، بۆیە هەوڵی دەدا کە کارێکی تر لە دەرەوەی قوتابخانە بدۆزێتەوە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، بۆیە نەیتوانیوە وەک پێویست پابەند بێت بە کارەکە". لەماوەی سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە پرۆسەی پەروەردە کەوتۆتە ژێر مەترسی و بەرەو لاوازی چووە، نموونەی نۆیەم (ه. ص) دەڵێت" قەیرانی دارایی کاریگەری تەواوی کردووەتە سەر پرۆسەی پەروەردە، لەبەرئەوەی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان نەیانتوانیوە بەهۆی ئەم قەیرانەوە ئەو ڕاسپاردانەی کۆنگرەی پەروەردەیی جێبەجێبکەن، هەر لە دروستکردنی باڵەخانەی نوێ بۆ قوتابخانە و نەهێشتنی دوودەوامی لە قوتابخانەکان، کەمی بینایەی قوتابخانە، وەستانی خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ مامۆستایان و ئاشناکردنیان بە پرۆگرامەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابییان.

- **بواری تەندروستی**

قەیرانی دارایی لەبواری تەندروستی و سەلامەتی هاوڵاتییان کۆمەڵێک ئاکام و کاریگەری خۆی دروستکرد، چونکە قەیرانە داراییەکان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر کەرتی تەندروستی. بەپێی وتەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) (د. تشان) داتەپینی ئابووری زۆرێک لە مەترسییەکان زیاد دەکات لە پشتگوێخستنی چاودێری

تەندروستی و پرەنسیپەکانی خۆپاراستن لەلای هاوڵاتییان، لە هەمانکاتدا ئەو کارەی کە جێگەی ترس و دڵەڕاوکێیە بەشێوەیەکی تایبەت، بریتییە لە پاشەکشێی چاودێری خۆپاراستن لەو کاتانەی کە ڕێژەی پیربوون و نەخۆشییە درێژخایەنەکان زیادەکات لەسەر ئاستی جیهانی.(تشان ،2009). هەروەکو نموونەی دەیەم (ە. ع) دەڵێت "بەهۆی ئەم قەیرانەوە بەگشتی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان لە نەخۆشخانەکاندا کەمتر بووە بە بەراورد لەگەڵ پێش قەیران، بەجۆرێک کەوا میری ئێستا سیاسەتی بەڕێوەبردنی خودی پەیڕەودەکات، واتە هەر نەخۆشخانەیەک دەبێت بەداهاتی خۆی خۆی بەڕێوەببات ". هەروەها نموونەی یازدەیەم کە بەڕێوەبەری گشتییە لە وەزارەتی تەندروستی (خ. ق) دەڵێت" قەیرانی دارایی کاریگەری زۆر زۆر بوو لەسەر کەرتی تەندروستی، بەتایبەت لەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، بەجۆرێک لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بوودجەی وەزارەت لە ( 9) ملیار دینارەوە بۆ (6) ملیار کەمبووەوە، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ژینگەی نەخۆشخانەکان و خزمەتگوزاری و چاککردنەوەی نەخۆشخانەکان، هەروەها ئێمە بەردی بناغەمان بۆ (17) نەخۆشخانە دانابوو, بەڵام بەهۆی ئەم قەیرانەوە وەستان. جگە لەمەش بەهۆی ئەم قەیرانەوە، سەردانی نەخۆشخانە حکومییەکان زۆر زیاتر بوو لەلایەن نەخۆشەکانەوە، ئەمەش وای کرد توانای کڕینی دەرمان و پێداویستییە تەندروستییەکان لەلایەن وەزارەتەوە زۆر کەم بێتەوە و تەنها بۆ شوێنە زۆر پێویستەکانی وەکو هۆڵەکانی نەشتەگەری و چاودێری چڕ دابین بکرێت، بۆیە قەیرانی دارایی کاریگەرییەکی یەکجار نەرێنی هەبوو لەسەر دەرمان و پێداویستییە تەندروستییەکان".

قەیرانی دارایی وای لە بەشێک لە تاکەکان کردووە ئەندامەکانی جەستەی خۆیان بفرۆشن و بازرگانیکردن بەجەستە زیادبکات. هەروەکو نموونەی دەیەم (ە. ع) دەڵێت" بێگومان هەژاری دیاردەی فرۆشتن و

بازرگانیکردن بە ئەندامەکانی جەستە زیاد دەکات، من وەکو دکتۆرێک زۆر کەیسی وام بینیوە کە زۆر خێزان بەهۆی هەژاری و نەداری بڕیاری فرۆشتنی گورچیلەی داوە، ئافرەتم بینیوە گورچیلەی خۆی فرۆشتووە بەهۆی نەداری و هەژاری، چونکە وتویەتی گەر گورچیلە نەفرۆشم ناچاردەبم لەشی خۆم بفرۆشم و ببم بە لەشفرۆش". لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی پەیوەندی بە زیادبوونی نەخوشییەکانەوە هەیە، وەک جەڵتە و فشاری خۆین و شەکرە لەلایەن هاولاتییانەوە، نموونەی دەیەم (ە. ع) دەڵێت "پێموانییە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئەوتۆ هەبێت لەنێوان زیادبوونی ئەو نەخۆشییانە و قەیرانی دارایی، چونکە ئەو نەخۆشییانە زیاتر هۆکارەکانیان هۆکاری تەمەن و هۆکاری بۆماوەیی و خێزانین، ڕاستە قەیرانی دارایی بەشێوازیکی ناڕاستەوخۆ ڕەنگە کاریگەری هەبێت لە زیادکردنی ئەو نەخۆشیانە، چونکە دواجار هەژاری هۆکارە بۆ خەمۆکی و زیادبوونی فشاری دەروونی و جەستەیی، کە لەئەنجامدا دەبنە هۆکاری بەرزبوونەوەی فشاری خۆین و دواتریش جەڵتەی دڵ و مێشک و شەکرە" هەروەکو نموونەی یازدەیەم (خ. ق) دەڵێت "قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر پرەنسیپەکانی خۆپاراستنی هاولاتییان و زیادبوونی نەخۆشییەکان هەیە، بەتایبەت لەسەر ئەم نەخۆشییانەی پەیوەندییان بە خواردنی خراپ هەیە، نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە زیادبوونە وەکو جەڵتە و فشاری خوێن و شەکرە، یەکێک لە هۆکارەکان خراپی گوزەران و هەژاری و کوالیتی خواردنە، واتە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قەیرانی دارایی کاریگەری هەیە لەسەر نەخۆشییەکان".

- **بواری ژینگە**

بواری ژینگەو خۆراکیش بەدەر نییە لە ئاکامە نەرێنییەکانی قەیرانی دارایی، بەتایبەت لەسەر ئاسایشی ژینگە و خۆراک. هەروەکو نموونەی دوازدەیەم (ع. ص) دەڵێت "بێگومان قەیرانی دارایی ژینگەی خستۆتە ژێر مەترسییەوە، کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر ژینگە دەتوانین لە

هەژارییەوە دەستنیشانی بکەین, چونکە هەژاری هۆکاری سەرەکیی تێکدانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە، ئەمیشیان هۆکاری تێکدانی ئاسایشی ژینگەیە. بۆیە بەپێی ڕاپۆرتێکی دەزگای ناوەندیی ئاماری سەر بە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی نێودەوڵەتی عێراقی دەرکەوتووە کە (7) ملیۆن عێراقی لەخوار هێڵی هەژارییەوەن. لەباروذۆخێکی ئاواشدا زۆر زەحمەتە قسە لەسەر ژینگە و گەشەپێدان بکەین، کاتێک کە هاوسەنگیی نێوان توێژەکانیش تێکدەچێت بەجۆرێک, کاتێک زۆرینە هەژاربن ئەوا کەمینەیەکی کەمیش زۆر دەوڵەمەند دەبن، لەبەر قازانجی بێسنوور گوێ بە ژینگە و هەژاران نادەن و بە کارگە و بەرهەمەکانیان ژینگە پیس دەکەن".

لەلایەکی ترەوە قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر تەندروستی خۆراک و پرەنسیپەکانی خۆپاراستن لە خۆراکی خراپ و کۆالیتی نزم بەتایبەتی لەلای هەژاران و کەم دەرامەتەکان بەهۆی دابەزینی داهاتی تاک و خێزان و کەمی و پاشەکەوتی مووچە، بەمانایەکی تر ئاسایشی خۆراک کەوتۆتە ژێر مەترسییەوە. هەروەکو نموونەی دوازدەیەم (ع. ص) دەڵێت"بەدڵنیاییەوە چونکە ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە ئەوەیە کە ئێستا هاوکێشەی ڕێژەی دانیشتوانی گوند و شار تێکچوونێکی ترسناکی تێکەوتووە، لە ئێستا و ئایندەشدا دیاردەی ڕوو لە شارکردن تادێت بەرەو زیادبوون دەچێت و لەگەڵ بەردەوام بوونیشیدا زۆر گرفتی ژینگەیی لە شار و لادێکاندا دروست دەکات، بەجۆرێک کە ئاسایشی خۆراکمان دەخاتە مەترسییەوە". هەروەها لەم بارەوە نموونەی دەیەم (ه. ع) دەڵێت" بە دڵنیاییەوە قەیرانی دارایی مەترسییە لەسەر تەندروستی خۆراک بۆ هاوڵاتییان، ئەویش لەبەر دوو هوکاری سەرەکی: 1- هاووڵاتییان ناتوانن هەمەچەشنە و هاوسەنگی بپارێزن لە خۆراکیاندا، چونکە دواجار پاراستنی هاوسەنگی لە خۆراکدا پێویستی بە داهاتێکی مام ناوەند بەسەرەوە هەیە. 2- هاوڵاتییان ناتوانن گرنگی بدەن بەکوالیتی زۆر

باش لە خواردنەکانیاندا، چونکە گرنگیدانی لەو جۆرە پێویستی بەداهاتی سەرووی ماناوەند هەیە، ئەم جۆرە داهاتەش لەکاتی قەیران زەحمەت دەبێت و هاولاتییان دووچاری بەکارهێنانی کوالیتی خوار مامناوەند دەبن و ئەمەش مەترسی جددی دروست دەکات لەسەر تەندروستی خۆراکیان.

**تەوەرەی نۆیەم : ئەنجامەکانی توێژینەوە**

1. لە بواری کۆمەڵایەتییدا، قەیرانی دارایی بۆتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (تاوانی کوشتن و دزیکردن، لێکجیابوونەوە، توندوتیژی خێزانی). هەروەها کاریگەری دروستکردووە لە لاوازبوونی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دوو لایەنە بووە، لایەنێک نەرینی لە لاوازبوونی پەیوەندییەکان،لایەنێکی تر ئەرێنی لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکان.
2. لە بواری دەروونیدا، قەیرانی دارایی بۆتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی نەخۆشییە دەروونییەکانی وەک (خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، نەخۆشییەکانی مەزاج و ناڕەحەتیی دەروونی) هەروەها قەیرانی دارایی کاریگەری هەبووە لە گۆڕانی جۆری ژیانی هاولاتییان.
3. لە بواری ئابووریدا، قەیرانی دارایی بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و لە دەستدانی کار لەلایەن هاولاتییانەوە، هەروەها بەهۆی قەیرانەوە زۆرێک لە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان وەستان و هاولاتییان لە بارودۆخێکی سەختی دارایی ژیان دەکەن.
4. لە بواری سیاسیدا، قەیرانی دارایی هۆکارێک بووە بۆ زیاتر قووڵبوونی قەیرانە سیاسییەکان لە نێوان پارتە سیاسییەکان و لاوازکردنی ئینتیمای نیشتمانی و متمانەی هاولاتییان بە میری، لە هەمانکاتدا بەهۆی دارمانی سەرچاوە داراییەکانی میری، ئاسایشی نیشتمانی دووچاری مەترسی بۆتەوە لەدوای ساڵی (2014).

5. له بواری پەروەردەیی، قەیرانی دارایی هۆکارێکی کاریگەر بووە لە دابڕان و وازهێنانی قوتابی و مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردە بەهۆی خراپبوونی باری دارایی هاوڵاتییانەوە، هەروەها ئەم قەیرانە پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی پرۆسەی پەروەردەی لاوازکردووە. لەهەمان کاتدا بەهۆی قەیرانی داراییەوە هاندان و پابەندبوونی مامۆستا و قوتابی بە پرۆسەی فیرکردن و فێربوون لاوازبووە.

6. له بواری تەندروستیدا، بەهۆی قەیرانی داراییەوە، ڕێژەی پزیشک و دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان لە نەخۆشخانە حکومییەکان کەمیکردووە، هەروەها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم قەیرانە هۆکاربووە لە کۆمەڵێک نەخۆشی وەکو جەڵتە و فشاری خوێن و شەکرە، کاریگەریەکی تری قەیرانی دارایی بریتییە لە فرۆشتنی ئەندامانی جەستە لەلایەن بەشێک لە هەژارانەوە بەهۆی نەبوونییەوە.

7. له بواری ژینگەیشدا، قەیرانی دارایی مەترسی و هەڕەشە بووە لەسەر ئاسایشی ژینگە و ئاسایشی خۆراک، کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر ژینگە و خۆراک لە هەژارییەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە هەژاری هۆکاری سەرەکیی تێکدانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە و ئەمیشیان هۆکاری تێکدانی ئاسایشی ژینگە و خۆراکە.

**تەوەرەی دەیەم: پێشنیارەکان**

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەمەڕ ئەو ئاسەوارە کۆمەڵایەتییانەی کە قەیرانی دارایی جێیدێڵێت لە دوای کۆتایی هاتنی قەیرانەکە.

2. قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی قەیرانی دارایی لەلایەن میرییەوە بۆ زیان لێکەوتووان لەڕووی ماددی و مەعنەوی و دەروونییەوە.

3. سوودوەرگرتن لەو قەیرانە لە ئەنجامدانی چاکسازی دارایی و ئابووری و کۆکردنەوەی زانیاری و داتای وورد لە ڕێگەی سەنتەرەکانی

توێژینەوە، لەمەڕ هۆکارەکانی ئەم قەیرانە بۆ ئەوەی جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە.

**تەوەرەی یازدەیەم:ڕاسپاردەکانی توێژینەوە**

1. پێویستە لەسەر میری پلانی ستراتیژیی توکمە دابرێژێت لە کاتی قەیرانەکانی دارایی و ئابووریدا، لەسەرجەم بوارەکان بۆ هاوڵاتیان، بە تایبەت بۆ خێزانە هەژار و کەمدەرامەتەکان، لە پێشکەشکردنی هاوکاری ماددی و مەعنەوی لە پێناوی ڕێگەگرتن لە زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.
2. بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵگا بە گرنیگیدانی زیاتری سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی لەلایەن میری و چالاککردنی کەرتی تایبەت، لە پێناوی ڕەخساندنی هەلی کار و پرۆژەکانی وەبەرهێنان.
3. پێکهێنانی تیم و دەستەی پسپۆڕ و ڕاهێندراو لە بوارە جۆراوجۆرەکان بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و کەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی قەیران لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

**پەراوێزەکان**

* باوەڕپێدان (الائتمان) (Credit):-بەمانای دەستهەڵگرتنە لە مایەی ئێستا بەرامبەر بە مایەی دواڕۆژ، بنچینەکەشی بڕواپێدانە، کردەی بڕواپێدان بەچەند ڕێبازێکی یاسایی جیاوازدا ڕوودەدات، وەک قەرزکردن، داشکاندن و پێشەکی پێدان و فرۆشتن بە قەرز و کرێ. ئامرازەکانی بڕواپێدانیش بریتیین لە: 1- کاغەزی بازرگانی (پۆلیسە و قەواڵە و چەک) 2- کاغەزی بانک 3- کاغەزی دارایی، واتە (پشک و قەواڵەکان). (دەباغ،2000 ،ل 5).

** داعش: کورتکراوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامە ( الدولة الأسلامية في العراق و الشام) لەسەر دەستی ئەبوبەکر بغدادی ڕێکخراوێکی نوێ ڕاگەیەندرا بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش)، ئەم ڕێکخراوە ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکرد لە عێراق و سوریا بە ڕێگای کوشتن و خاپوورکردن و ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر، مێژوو بەکەمی ئەم جۆرە توندوتیژیەی بە خۆیەوە بینیوە. (شندب،2014 : 1)

## سەرچاوەکان (References)

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان


- درەخشان، مەسعوود(2010)، تەنگژەی داراییی جیهانی، و.ئەمیر محموود، چاپی1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- دەباغ، فەیسەڵ (2000)، ئینسکلۆپیدیای ئابووری، چاپی1، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- عمر، معن خلیل (2011)، ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و، زیرەک ئەحمد ڕحمان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- حەمە کەریم، ئاکۆ و علی، محمد، ئەوانی تر (2015)، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان, چاپی 1، چاپخانەی پیرەمێر، سلێمانی.


### دووەم:سەرچاوە عەرەبییەکان


- ابراهيم، الهادى ادم محمد و هارون، مصطفى (2016)، المحاسبة القضائية ودورها في الحد من ممارسة ادارة الأرباح سوق المال في الخرطوم، مجلة مركز المستنصرية للدراسات العربية و الدولية، العدد 55، الجامعة المستنصرية.
- ابراهيم،عبدالرحيم محمد(2007)، المتغيرات العالمية للمنظمات، مؤسسات شباب الجامعية،بدون مكان الطبع.

- ابو الرشته، عطاء بن خليل (1990) ، الأزمات الأقتصادية واقعها ومعالجاتها من وجهة نظر الأسلام، المركز الثقافي، عمان-الأردن .
- ابو طه، احمد محمد(2016)، الأزمات الأقتصادية اسبابها واثارها على الفرد والمجتمع ومواجهتها في العصر الحديث، ط1، مكتبة الوفاء القانونية، الأسكندرية-مصر.
- بدوي، احمد زكي ( 1982)، معجم مصطلحات العلوم الأجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت.
- بلعباس، عبدالرزاق سعيد (2009)، ما معنى ازمة. جدة، ضمن كتاب ، الأزمة المالية العالمية اسباب و حلول من منضور اسلامى، مجموع من الباحثين (2009)، ط1، مركز البحث العلمى.
- بيرداود، زانا احمد (2016)، علاقة الخصائص الاجتماعية والبيئية بالسلوك الاجرامي، رسالة دكتوراه غير المنشورة،مقدمة الى كلية الاداب-جامعة صلاح الدين، اربيل.
- داود ،ابتهال محمد رضا(2013)، الفساد الإداري وآثاره السياسية والأقتصادية مع الاشارة خاصة الى التجربة العراق في الفساد، مجلة دراسات الدولية،جامعة بغداد، العدد 48.
- شندب،مازن (2014)، داعش ماهيته، نشاته، ارهابه، اهدافه، استراجيته، ط 1،الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت-لبنان.
- صوان، فرج محمد(2017)،البحث العلمي-المفاهيم، الأفكار، الطرائق و العمليات، ط1، ابن نديم للنشر و التوزيع، بيروت-لبنان.
- عبدالرضا، نبيل جعفر و الجوارين ،عدنان فرحان (2013)، تاريخ الأزمات الأقتصادية في العالم، ط1، دار الكتابي الجامعي، العين-الأمارات .
- عليان، ربحي مصطفى و غنيم ،عثمان محمد (2004)، أساليب البحث العلمي الأسس النظرية والتطبيق العملي، ط1،دار صفاء للنشر والتوزيع ، عمان .
- عيشور، نادية سعيد و اخرون (2017)، منهجية البحث العلمي في العلوم الاجتماعية، مؤسسة حسين راس الجبل للنشر والتوزيع، الجزائير.
- ماجد، ريما (2016)،منهجية البحث العلمي، ط1،مؤسسة فريدريش ايبرت، بيروت-لبنان.
- مجمع اللغة العربية (2004)، المعجم الوسيط، ط4،مكتبة الشروق الدولية، مجلد1،باب امن .
- محمد،إيثار عبدالهادي(2011)،إستراتيجية أدارة الأزمات:تأطير مفاهيمي على وفق المنظور الإسلامي، البحث منشور في مجلة العلوم الأقتصادية والأدارية-جامعة بغداد،المجلد17،العدد 64.

- نور، عبدالناصر ابراهيم و عيسى ,سيروان كريم و احمد، دلير موسى (2016)، اوجة القصور فى المعايير المحاسبية وتاثيرها فى خلق الأزمات والانهيارات المالية ،مجلة زانكو للعلوم الأنسانية، جامعة صلاح الدين، اربيل، مجلد 20، عدد5.

## سێیەم:سەرچاوە بیانییەکان.

- Charles, F Herman (1963), some consequences of crisis which limit the viability of organizations, Available at book, Boin, arjen (2008), crisis management, Volume 11, SAGE publication.
- Coolican, H (2014), Research Methods and Statistics in Psychology, Psychology Press, New York, USA.
- Frederic S. Mishkin and Stanley G. Eakins (2014), Financial Markets and Institutions.Pearson Series in Finance, VOL.1.no.8.
- Oxford Dictionary (English-Arabic) (1984), Oxford University press, six impression, oxford, ingland.
- Ramkishen, Rajan (2007), financial crisis, capital outflows, and policy responses: Examples from East Asia, jurnal of economic Education, vol.38, no.1.

## چوارەم: پەیج و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان.

- ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (2015)، ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستانی عیراق، وەرگیراوە لە ماڵپەری سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی 15/ 8 / 2017. http://www.jcckrg.org/ku/article/read/110
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (2016)، دۆخی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە ماڵپەری فەرمی دەستەی ئاماری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی 3/ 9 / 2018. http://www.krso.net/?page=list&c=labourforce
- ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (2016)، کۆمەکی مرۆیی حکومەتی هەرێم بۆ ئاوارەو پەنابەران، وەرگیراوە لە ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.لە ڕێکەوتی 2017/7/23.

http://www.jcckrg.org/ku/reports/all/2016ڕۆستی

،نادر (2015)، سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و شەڕی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش ،هۆکاری سەرەکیبوون بۆ دابەزینی ژمارەی گەشتیاران لە هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە ماڵپەری سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی 15/ 8 / 2017.
http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=53618

- ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (2017)، ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستانی عیراق، وەرگیراوە لە ماڵپەری سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان: لە ڕێکەوتی 15/ 8 / 2017.
http://www.jcckrg.org/ku/article/read/110
- البارزاني ، نيجيرفان (2016)، مؤتمر صحفي مشترك مع نائبه قباد طالباني في ختام ورشة عمل حول التحديات الأقتصادية التي تواجه الاقليم، اليوم السبت،2016/1/23. منشورة على الموقع الكتروني التالي:- اخر زيارة 26/ 2017/7. http://www.nrttv.com/AR/Detail.aspx? 8
- التوني ،ناجي (2004)، الأزمات المالية. سلسلة دورية تعنى بقضايا التنمية الأقتصادية العربية، المعهد العربي للتخطيط – الكويت، المجلد 3،العدد 29. منشورة على الموقع الكتروني التالي:- اخر زيارة 25/ 2017/1.
http://www.arab-api.org/ar/publicationlists.aspx?
- الحمداني،عودت ناجي (2014)، تداعيات أزمة الموصل و متطلبات النصر على داعش. منشورة على الموقع الكتروني التالي:- اخر زيارة 26/ 2017/7.
- http://www.iraqicp.com/index.php/sections/platform

- حمداوي، جميل. (2013). العينة الإحصائية. منشورة على الموقع الكتروني التالي:-
- http://www.alukah.net/culture/0/52337/
- الخنسي، بيوار (2015)، تأثير تراجع اسعار النفط على أقتصاد أقليم كردستان. المجلة گوڵان، منشورة على الموقع الكتروني التالي:- اخر زيارة 20/ 2017/7.
- http://www.gulan-media.com/arabic/articles.php?eid=52&id=328

- السليم، همام عبدالله علي (2016)، الأزمة المالية العراقية وسبل معالجتها لسنة 2016، الجريدة الصباح الجديد،جريدة يومية مستقلة، منشورة على الموقع الكتروني التالي:-

- http://newsabah.com/newspaper/70483
- شحاتة، عبداللة (2010)، الأزمة المالية: المفهوم والاسباب، منشورة على الموقع الكتروني التالي:-اخر زيارة 9/ 2017/4. https://www.slideshare.net/guest4464e0/ss-3310041
- صالح، مظهر محمد (2017)، مقابلة التلفزيونية و الصحفية، الغد برس. 2017/3/23. منشورة على الموقع الكتروني التالي:- https://www.alghadpress.com/news/94545
- الصمادي، عدنان احمد (2010)، الأزمة المالية الراهنة: اسبابها وتداعياتها وعلاجها من وجهة نظر الأسلام، بحث مقدم الى المؤتمر العلمي الدولي حول، الأزمة المالية والأقتصادية المعاصرة من منظور اقتصادي اسلامي، جامعة العلوم الأسلامية العالمية، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، عمان –الأردن: منشورة على الموقع الكتروني التالي:- اخر زيارة 5/ 10 /2016. http://kt-b.com/?p=7627
- لاغارد، كريستين (2016)، خطاب النوايا_ ضمن التقرير الصندوق النقد الدولي– التقرير القطري رقم 16/11، منشورة على الموقع الرسمي للصندوق النقد الدولي:-
- http://www.imf.org/external/ns/search.aspx
-محمد، احمد انور، المؤتمر الصحفي (2017/1/12)، منشورة على الموقع الوكالة اليقين للانباء:- اخر زيارة 2017/9/27. http://yaqein.net/politics/17537
- -TRANSPARENCY INTERNATIONAL-the global colition against corruption (2016), Corruption Perceptions Index 2016. Available online: _ https://www.transparency.org/news/feature/corruption_perceptions.

## Abstract

**The Consequences of Financial Crisis in Iraqi Kurdistan between (2014-2017). It is a Socio-Experimental Study Conducted in Erbil City.**

The aim of this study is to determine the negative social consequences of financial crisis on individuals and community in the domain of (social, psychological, economical, political, educational, health, and environment). The researcher used qualitative method for conducting the study. For the purpose of data collection, semi-structured used. There were twelve participants who were expert and popular in the fields of (social, psycho logical, economical, political, educational, health, and environment).

The results of the study show that financial crisis had negative impact on each individual differently and the society in general. Socially, the consequences lead to incline the social problems such as, crime, violence, and divorce, as well as the social value declined. Psychologically, depression, anxiety, and non-psychological stability increased. Moreover, politically, it leads to less being patriotic and political instability. Educationally, it affects on the process of education and the relation between learners and teachers. Furthermore, poverty and the rate of jobless dramatically increased. Another bad impact is in the field of health; medical supply and increasing number of patients were seen daily. Finally, it influences on the environment security.

**ملخص**

**الآثار الاجتماعية للآزمة المالية في اقليم كردستان-لفترة (2014-2017).دراسة ميدانية اجتماعية في مدينة اربيل.**

الهدف من اجراء هذا البحث هو معرفة و تحديد الآثار الاجتماعية للآزمة المالية على الفرد و العائلة و المجتمع من النواحي (الآجتماعية، النفسية، الاقتصادية، السياسة، التربوية، الصحة، البيئة) . وقد تم اعتماد المنهج الكيفي، واجراء المقابلة شبه المقننة. ومجتمع البحث هو مدينة اربيل ، و استخدام العينة القصدية، التى تتكون من (12) شخصا من المتخصصين والخبراء في مجالات ( علم الاجتماع ،علم النفس، الاقتصاد، السياسة، التربية، الصحة، البيئة). وقد توصل البحث الى جملة من النتائج من ابرزها: ان الآزمة المالية لها اثار عميقة على الافراد والمجتمع .من الناحية الاجتماعية، ادت الى زيادة المشاكل الاجتماعية في المجتمع مثل( الجريمة، والعنف، والطلاق) وهكذا ادت الى ضعف القيم والمعايير الاجتماعية. من الناحية النفسية، ان الآزمة المالية ادت الى زيادة الامراض النفسية مثل( الاكتئاب، والقلق و الاضطرابات السلوكية و تغيير جودة الحياة. و من الناحية الاقتصادية، ادت الى زيادة نسبة البطالة و الفقر. اما من ناحية السياسية، ادت الى ضعف الانتماء الوطني لدى المواطنين، وعدم استقرار السياسى. اضافة الى ذلك من الناحية التربوية، ادت الى ضعف النظام التربوي و زيادة التسرب من الدراسة وعدم الاهتمام بالتعليم من قبل اعضاء التدريس والطلاب. اما من الناحية الصحية، ادت الى قلة الادوية والحاجات الصحية في المستشفيات. ومن الناحية البيئية، اثرت على امن البيئة.